www.kurdistannet.org
7-7-2006 19:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەربازی ون ... عومەر ڕەمەزان

لە کاتێکدا ماڵپەرە کوردییەکان کە زۆربەیان بە زمانی کوردی بڵا دەکرێنەوە، هەر یەک بە توانای خۆی خزمەتی راگەیاندنی کوردی دەکات کە بوونەتە فاکتەرێکی گرینگ لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ و راگەیاندنی کوردی، بەڵام نەبێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە چەند کەسانێک هەن کە خۆنەویستانە خۆیان بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە تەرخان کردووە و رۆژانە گووتار و بابەتی جیا جیا لە رۆژنامەکانی بیانی بڵاودەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ ناساندنی دۆزی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە گشتی و رەوشی ئێستای کوردستانی باشوور بە تایبەتی، کە وەک پەنجەرەیەک دەبیندرێ بۆ روانین بە سەر بەشەکانی تری کوردستانی گەورە.

من کە ماوەی 14 ساڵە لە وولاتی ئیتالیا دەژیم خۆشحاڵم کە کوردێکی وەک رۆژنامەنووس کاک (شۆرش عەزیز سورمێ) هەیە کە توانیوەیەتی رۆژانە بابەت و شیکردنەوەی سیاسی لەسەر دۆزی گەلی کورد بنوسێ و لە رۆژنامە سەرتاسەری و خۆجێییەکانی ئیتالی بڵاوکاتەوە، تەنانەت ماوەیەک بەر لە ئێستا ووتارێکی ئەم رۆژنامەنووسەم بینی کە زیاتر لە پینج رۆژنامەی و دەیان ماڵپەری ئیتالی بلویان کردبۆوە کە تیایدا باسی لە رەوشی کوردستان دەکرد. من شەخسی کاک شۆرش ناناسم بەڵام هەر یەکێک بچێتە سەر ماتۆرەکانی گەران لەسەر تۆری ئینتەرنێت و ناوی ئەم رۆژنامەنووسە بنووسێت ئەوا بە دەیان بەبەت و بلاوکراوەی جیاجیا دەدۆزێتەوە.

مەبەستی من لەم چەند دێرە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ کاری ئەم مرۆڤانە بە گرینگ هەڵبسەنگێنین، جونکە ئەمرۆ ئێمەی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە راگەیاندن هەیە نەک تەنیا بۆ ناوخۆی کوردستان گرینگە بەلکو بۆ دەرەوەش.